www.kurdistannet.org

1-5-2007 17:16بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# خولەکێک وەستان ... باوکی سەهەند

باو وابوو بۆ هەر کۆستیک
خولەکێک بەبێدەنگی بەپێوەبێن
بەڵام بۆ کارەساتی جەرگ بڕی تۆ
دووعا خانم
چەند ساڵمان پێویستەبەشەرمەزاری دانیشین
جەند سەدەمان پێویستە
ئارەقی شەرممان ووشک کەین
دووعا خانم
خۆ ئەو رۆژەی پیاوەژیرەکانی شار
فتوای خواردنەوەی خوێنی تۆیان
دا بەئەهریمەنەکانی شار
مێژوو لەم دەڤەرەی ئێمەوەستا
ژیان وەستا
نەکاتژمیریک چرکەی دێو
نەترپەی دڵەکانیش
نەباڵندەیەک لەڕووی دی بەئاسمانمانا
گووزەر بکاو
نەنێرگزیکیش لەخاکمانا سەر دەردێنێ
ئای جەن دڵ رەقوو کەلەپوتین
ئێمەی پیاوەکانی رۆژهەلات
حەلاج خۆشەویستی خوابوو
بەرد بارانمان کرد
هەڵەبجەلانکی عەشق بوو وێرانمان کرد
تۆش عاشقەڕووتەیەکی
زەمەنی خوینوو بەرد بووی
هەتکمان کردی
ئای لەئیمەی پیاوەنەفامەکانی رۆژهەڵات
لەهەر بەردێ بەتۆمان گرت
پارچەیەکی ترمان لەووڵات وون کرد
لەهەر تفێک لەتۆمان کرد
پێنج سەد ساڵ
گالیسکەی ئەم گەلەمان بەرەو دوا برد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەزانی دووعا
هەرچی کچی بەگاز خنکێنراوی هەڵەبجەیە
جلی ڕەشیان بۆ پۆشیووی
ئەزانی دووعا
بەسەدان ڕەشپۆشی
وونبوی بیابانی نوگرەسەلمان
زامی خۆیان بیر کردووەوو بۆ تۆ ئەگرین
ئای دووعا گیان
ئەوو ڕۆژەی پیاوەژیرەکانی قەبیلە
مێشکی پڕ لەعیشقی تۆیان پژاند
خوا نوستبوو
گەورەکانی وولاتیش
بەکردنەوەی باڵەخانەمەزنەکەی شارەوە
خەریک بوون
پۆلیسەکانیش ئەو ڕۆژە
لەپشودا بوون
یاسا پیرو کەنەفتەکەش
خۆت ئەزانی هەزارو چوارسەدوو ئەوەندەساڵە
تەمەنیەتی
ئەو ڕۆژەزۆر ماندو بوو
لەناوجێگەدا کەوتبوو
لەڕۆژنامەکانیش زیز مەبەدووعا گیان
داماوانەئەوو ڕۆژە
نەمرەکەبیان مابوو
نەکاغەزی چاپیان مابوو
گەر لەبێدەنگی میدیاکانیش ئەپرسی
ئەو ڕۆژەچالاکیەکانی سەرۆک زۆر بوو
بۆیەنەیان پەرژایەسەر تۆ
ئای دووعا گیان
ئەو ڕۆژەی کوڕەئازاکانی شار
هەلهەلەیان بەسەرلاشەی
لەخوین گەوزاوی تۆوەلێ ئەدا
ئەو دەقەرەی ئێمە
تاکەیەک پیاوی تیا نەبوو
تاکەیەک مەردی تیا نابوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

1-5-2007 17:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تۆ حەیا بووی
لەخاچمان دای حەیا نەما
تۆشەرم بوی
کاتێک ڕووتمان کردیتەوە
شەرمان نەما
تەواو دووعا گیان تەواو
تۆ ئەو پرسەیەیت
کەهەرگیز تەواو نابیت
تۆ ئەو برینەی
کەهەرگیز سارێژ نابیت
ئەگەر سبەی وەفدێک بیتەوولاتی من)
لێم بپرسێ کوانێ گۆڕی سەربازی وون
ئەلێم گەوورەم لەو شوێنەدا دووعایان کوشت
مەترسەکەمێک سەر داخەو
تاجەگوڵینەکەت دانێ
*********
ئەم دێڕانەی خوارەوەشیعری مامۆستا عبدالا پەشێوە

sahand2003@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.